ژماره ٨

# مامۆستا و خۆبەخشی



عەبدولواحید محەمەد حاجی

ئەوەی راستی بێت لەم نووسینەم نامەوێت بچمەوە نێو هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی خەباتی پڕ لە جۆش‌وخرۆشی مامۆستایانی کوردستان، تەنها رستە دەمەوێ بیر هەموو لایەکی بهێنمەوە کە ئەوێ رۆژێ دروشمێکی زۆر ئازایانەو خۆنەویستانە بوو، کە مامۆستایانی کوردستان بەرزیان کردەوە (سەری بەرز بۆ مووچە نەوی ناکەین) مەبەستیشم لە وەبیرهێنانەوەی ئەم دەستەواژە ئاوزێر ئامێزە، تاوەکو بە هەمووان بڵێم ئێستاش، ئەم دروشمە هەر بەرزوشەکاوەیە لەلایەن مامۆستایان، لەم روانگەیەوەو بۆ سەلماندنی ئەم راستییە، چەند بەڵگەیەك دەخەینەڕوو، راستە دوای ئەم دروشمە وردەوردە حکومەت ئاوڕی لەمامۆستایان دایەوە. بەڵام ئاوردانەوەکە ئەگەر خۆڕاگری و دڵسۆزی مامۆستایان نەبوایە، هەرگیز لەو ئاستەدا نەبووە کە ئازاروخەمە قووڵەکانیان بڕەوێنێتەوە. هەنگاوێکی ئەگەر زۆر لەسەرخۆش بێت بەرەو ژیانێکی نیمچە مەدەنیانە برۆن، دیارە ئەو ئارامی و هەدارییەش بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرج و لە چاوەڕوانی هەڵاتنی رۆژێکی تازەوەبوون، بە خۆشحاڵییەوە ئەو رۆژەی هەموولایەك لە چاوەڕوانیدا بووین پزیسکەی داو شەبەنگی گەیشتە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەمان بە مامۆستایانیشەوە، بەڵام بە داخەوە جارێکی تر ئەو ئومێدەی کە هەموو هیواکانی لەسەر هەڵچنرابوو، بەو نیازەی ئەوەی چەندین ساڵە نەلواوەو فەراهەم نەبووە، لەو سەرو بەندە تۆڵەی بۆ دەکرێتەوە، سەرکردەکانیش ئەو بەڵێنانەی لە رۆژە تەنگەکان دابوویان ئێستا لەم رۆژگارە لەبارە جێبەجێی دەکەن، لایەنی کەمی پێویستیەکان بەردەست دەکرێن، جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە هیواکان بە ئاکام نەگەیشتن هەر لە ناو بازنەیەکی داخراوەدا خول دەخۆنەوە، جارێکیتریش خەونە وەنەوشییەکان کاڵبوونەوە و خۆڵەمیش ئاسا بەدەم بای گەرمەسێری کوێستانە ساردو سڕەکان پەرش وبڵاوەیان پێکرا.

بەندە لەماوەی رابردوو ژمارەیەك لەو بەڕێزانەم هێنا دوان و هەریەکە و بەشێوەیەك خەمەکانی خۆیان خورد دەکردەوە، یەکێ لە مامۆستاکان وتی؛ من بە (٤٢٠) هەزار دینار لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان لە ناوچەی سیدەکان دامەزراوم، هەموو شتێکم لەسەرخۆمە تەنانەت ئەو خانووەی لێی دادەنیشین بە کرێم گرتووە، لەوەش خراپتر خەڵکی ئاواییەکە ئاو و کارەباشمان پێنادەن سەرباری ئەوەش هاتوچۆکردنیش بڕێکی باش لە مووچەکەم دەخوات، دواجار بەدەست و گیرفانێکی خاڵی دەگەڕێمەوە، نازانم تاکەی و چەندیتر من دەتوانم خەونەکانم بهێنمەدی، ئەمە لەکاتێکدا بەچاوی خۆم دەبینم یەکێك تەنها یەك رۆژیشی نەخوێندووە بەفەرمی لەمن زیاتر مووچە وەردەگرێت، یان لێپرسراوێکی باڵا لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەروتر زیاد لە دوو ملیۆن و سێ ملیۆن وەردەگرێت، لێرەش دەمەوێ شتێك بڵێم با ئەو بەرپرسانە ئەوەندە وەرگرن، بەڵام نابێت ئێمە مانانێش لە بیربکرێین لە بنەما سەرەکیەکانی ژیان بێبەش ببین، هەروەها مامۆستایەکی تر وتی؛ من مووچەکەم (٣٧٥) هەزاردینارە، پاش ئەوەی پاس گرتن و پرۆسەی هاتوچۆکردن نەما و لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رەتکرایەوە، بۆئەوەی لەخوێندنگاکانمان پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن درێژەی پێبدەن لە روانگەی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەریمان مانگانە (١٥٠) هەزار دینار کرێی هاتوچۆ دەدەین، من هاورام لەگەڵ وەزارەت پرۆسەی هاتوچۆکردنەکە لەجێی خۆیدا نەبوو، وەکو پێویستیش سوود و قازانجی بۆ پرۆسەی پەروەردە نەبووە، بەڵام دەکراو دەگونجا بەشێوەیەکی تر هاوکاری بکرابایین و ئەوبارە قورسە نەکەوتایە سەرشانی ئێمە، دەبێت ئەوەش بگوترێ ئێمە تەنها بۆخۆمان دانەمەزراوین، بەڵکو هەریەکەو خێزانەکەمان لەئەستۆدایە.. بەخێوکردنیان ئۆباڵی لەملی ئێمەدایە. مامۆستایەکی ناو شاریش پێی راگەیاندم مووچەکەی تەنها (٥٢٠) هەزاردینارە، بەڵام (٣٠٠) هەزاری دەدەم بەکرێی خانوو ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خەرجی خێزانێکی (٥)کەسی تەنها (٢٢٠) هەزارە، لەدرێژەی وتەکانی وتی؛ پرسیارێکەو حەزدەکەم لەبەرپرسەکانی بکەم ئەو بڕەی کەدەمێنێتەوە بەشی یەك رۆژی خەرجیەکانتان دەکات؟ ئەم نموونەو چەندین نموونەی تریش رەنگە زۆر خراپتریش هەبێت، ئایا نامانگەیێنێتە ئەو راستییەی هێشتا مامۆستایانی کوردستان لە قۆناغی خۆبەخشیدان و بە دڵسۆزی و بەرخودانی خۆیان بەردەوامن لەسەر پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن، ئەگەرنا لەنێو ئەوهەموو خەمە بارگاویە بەجیاوازیەکی بێ سنوور لەنێوان دوو توێژ کەئاسمان و رێسمان لێکیان جیادەکاتەوە چ شتێکە پاڵ بەمامۆستاوە دەنێ ئەو هەموو قوربانی و خۆنەویستی یە بنوێنێ .